# پانۆراما... زنجیرەی دەیەم

## رۆژنامەگەری کوردی سەرفرازە

**فەهد گردەوانی**

**هەرجارەی دەینووسێت**



**یەکەم... گەندەڵی...فەساد کەوتۆتە ناو دەزگایەکانی حیزب و دەوڵەت یا دەوڵەت و حیزب. بێگومان ئەوانەی چاویی خۆیان دەگرن و گوێی خۆیان دادەخەن ، داوا دەکەن دەست لەسەر ئەو گەندەڵی یانە دابنرێت و بە دیکومەنت بخرێتە بەر دەست و پێش چاوان. جارێ گەندەڵی یەکانی، ئەوانەی دهوک و هەولێر، کە بووە بە ماڵ لەسەر پارتی و دەسەڵاتی حکومەتی هەولێر .دەبێت ناوی ئەو لێپرساو و کاربەدەست و کادیرانە ریز بکات بزانی هەریەکە چەند دۆلاریان هەیە، با سەیری ئەو خانوو زەوی یانە بکرێت بزانین بای چەند و لەکوێی دەست کەوتووە.هەر کە ناوەکان ریزکران و لە 16ساڵی کارکردنی بۆ جەماوەر دەرکەوت حقوقی خۆیەتی و سەرمایەی حەلاڵی خۆیەتی ئەوا بە ئاشکرا بۆ خەڵکی قوربەسەر روون وئاشکرادەبێت کاکی مەسئول هیچ دز نی یەو سەرمایەکەشی حەلاڵی خۆیەتی. ئەو مەسئولە بەوچەند دۆلارەی راتبی کو بووە بە خاوەنی خانووی ملیون دولار بایی ، ئەی دیارە ساڵانە بۆ برسیاتی ، ئەو 16 ساڵە مانگرتنی کردی یە لەگەڵ کەسوکاری بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن سەرمایە ، دەسەیری وورگی بکەن بزانن مانگرتن بەو جۆرەیە. گەنجەکان هاواریان لێهەستاوە و وەکو کورەکانی لێپرسراوان خاوەنی مۆدیلی سیارە و بەنزین نین .ئەی گەندەڵیتان مانای چی یە. سەیری قەسر و کۆشکەکانتان بکەن بزانن دیکۆرەکانی بایی چەندە .ئەو حیزبە واتە پارتی هەتا ئەورۆ حکومەتی هەولێر بەرێوەدەبات و پارەی پێدەبەخشی لەکامە دەوڵەت بووە حکومەت چاوی لەدەستی حیزب بێت .با سەرۆکی هەرێم لە مەسیف و سەری رەشەوە دەست پێبکات جا لیستەکەی دەکەوێتە بەرچاوان و گەندەڵیش لەسەر شەقامەکانی کوردستان شایی دادەبەستێت . لە سلێمانی کە یەکێتی دەستی بەسەر داگیر کردی یە، هەتاکو ئەورۆ حکومەتەکەی بەناوی ئەوە ، سەرچناری موبارەک لەبەر خزم و دۆستان و خاوەن بریاڕداران جێگای کۆنە سەرچناریەک نابێتەوە ببێتە خاوەنی مەترێک زەوی ، ئەی ئەو مانای تازەیە بۆ گەندڵی چی یە کە چیای گوێژەش نەماوە دابەش نەکرێت، بۆ یەکێتی لەناو حکومەتدا دەسەڵاتدارە و خاوەن سلێمانی یە یا حکومەت بەسەر**

یەکێتی زاڵە.ئەوانەی بازرگانی بە دۆلاری میللەت دەکەن ڕەشوروتەکانی سلێمانی و کۆنە بازرگانەکانی سلێمانی نین ، با ئەو دەسەڵاتە بتوانێ دابینی کەموکوڕی یەکانی خەڵکی کوردستان بکات ئینجا خۆی تێربکات و ببێتە دز.دارودەستەکەی ڕژێمی سەدام حوسێن لەوانە زیاتری بۆ حوجەوبەعسیەکان دەکرد ،پاشان بینیمان سەدامیان لەناو قۆرتی جورجان دەر هێناو پاشان ئەو ملیاردەدۆلارودینارانەش بەهانای نەکەووتن . جەماوەر چاوەکانی زەقە بۆ بینینی گەندەڵی و چاکترە هەردووحیزب دەست پێبکەن بۆ پاکسازی .کاتی ئەوەهاتووە ڕاپۆرتی دارایی کوردستان بکەویتە بەرچاوان . لەو زەوی یانەش بکۆڵنەوە کە بووە بە موڵکی حیزب .

دووەم...تەقینەوەکانی جەزایر و مەغریب...سەرۆکوەزیرانی جەزایر ئەو کارە تێرۆریستەی جەزایری بە [عمل جبان}وەسف کرد.جارانیش کردەوەکانی زەرقاوی و کۆنە بەعسیەکانی عێراق بە کاری بەرەنگاربوونەوە و [المقاومە]یان دەژمارد. خەڵکی مەغریب وجەزائیر و تونس و مۆریتانیا، بە خۆپیشاندان دەهاتنە سەرشەقام بۆ ئەوەی بچن، پارێزگاری لە عێراقی سەدام حوسێن بکەن و خۆیان بە [المقاومە] ناونووس بکەن .ئەگەر ئەو تەقینەوەیە بە [عمل جبان] تاوانبار بکرێت ، دەبێ تەقینەوەکانی بەغدا و ناوچەکانی تری عێراقیش ، کە دەبێتە کوشتنی موسڵمانان و سیڤیل کارێکی [جبان]یانە بێت. بە قەولی خەڵکی سلێمانی بانێک و دوو هەوا نابێت. ئەی بۆ [شیمال ئەفریقیا] هەموویان بوونە بە بارووت بۆ ڕزگارکردنی عێراقی سەدام حوسێن و بۆ کوشتنی سەدام حوسێن لە سینگی خۆیان دەدا و پڕ بە دەمیش لە کردەوەکانی تێرۆریستی کۆنە بەعسیەکان دەستخوشیان دەکرد . ئەی بۆ بە کوژراوی سیڤلی عیراقی دەگوترێ [قتل] ، بەڵام بە کوژراوی جەزائیر و مەغریب دەگوترێت [شهید] . هەردولا [قتل] یا [شەهید] نین .خوێنی ئەوانەی شەهیدە سوور ترە لەو خوێنانەی لە عێراقدا بە خۆڕا دەڕژێت . دەبێ ئەوانەی لە خانووی شووشە دانیشتوون بەرد نەهاوێژنە ئەو ماڵانەی وەکو خۆیان لە شووشە دروست کراوە. ئیرهاب لە سعودیا و هەولێر و بەغدا و نەجەف و جەزائیر و کابول و ریبات هەر ئیرهابە و هیچ ناوێکی تری نی یە .ئیرهاب ڕەحم بە مرۆڤایەتی ناکات .

سێیەم... ڕۆژنامەگەری کوردی هەردەم سەرفرازە... ئەو دەنگانەی لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی دا دەبیسترێن و نایەنەوێ کپ بکرێن ، ئاڵای ڕۆژنامەگەری کوردی یان بەرز ڕاگرتووە و گەیاندیانە تەمەنی 110 ساڵەی . ئەو دەنگانە بەو دۆلار و سامانە دزیویانە نەکڕان و توانیان ئاڵای شکاوە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان و لە ئێسگەو ماسمێدیا و لەسەر کوڵان و شەقامەکان بەرز ڕابگرن . ئەو کەسانە قوربانیان دا بۆ ئەوەی رووی سپی لەنێو دێرە ڕەشەکانی ڕۆژنامەی کوردی دا بەدیار بخەن . ئەو چڵکاوخۆرانەی ناسنامەی ڕۆژنامەگەریان لەسینگی خۆیان

داوه و هەر رۆژەی بەسەروگیلاکی لایەنێک و کەسێکدا هەڵدەدەن تەمەنیان چەند [قزمە] و لەناو بواری خوێندەواری کوردی دا چەند روو زەرد و هیچ و پووچن .ئەوانە نەیانتوانیووە رووی گەشی ووشەی کوردی شێلوبکەن و پەیڤی کوردی بکەنە قوربانی گیرفانیان .ئەوانەی قاچاغچییاتی بە ووشەی کوردی دەکەن و دەسەڵاتداران دەکەنە قەڵغانی خۆیان ، لە بواری رۆژنامەگەری هەرچەندیش بنووسن نابنە رۆژنامەنووس . ئەوانەی مافی مرۆڤ و رەنگی مرۆڤ و هەستی مرۆڤ دەشێوێنن ،ناتوانن باسی مرۆڤ وەکو خودی مرۆڤ بکەن و خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن .ئەو کەسانەی پارووی بە [حەرام]ی رۆژنامەگەری کوردی دەخۆن ، ناگەنە کاروانی نەمرانی بواری رۆژنامەگەری کوردی ، جا با رۆژانە [بوق] و زورنا و دەهۆڵ بۆ ئەو و ئەم لێبدەن . کە تۆ خاوەنی بیر و هەستی خۆت نەبیت نابیتە هیچ .ئەو نەمرانەی لە بواری رۆژنامەگەری توانیان خزمەتی رۆژنامەی کوردی بکەن ، وەکو ئەستێرە گەشەکانی ساماڵی ئاسمانی کوردستان ، چەند گەشاوەن و چۆن هێز و توانا و ووزە دەبەخشنەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاڵایە هەر بە سەرفرازی بەدەستەوە رابگیرێت و هەوای دیموکراسیەتی نووسین فرەوان تر بکرێت و کەس بۆی نەبێت رۆژنامەنووس زیندانی بکات یان بیشێوێنێت . دەبا ئەو جەژنە هەر لەوکەسانە پیرۆزبێت کە دڵسۆزی ئەو رێبازەی رێگای فرەوانی رۆژنامەگەری کوردین .

چوارەم...**تورکیا هەردەم هەڕەشە دەکات**... تورکیا هەردەم بە کوردستانی عێراق دەڵێت [شمال العراق] و هیچ جار بۆی ناچێتە سەر زمان بە کوردستان ناوی بهێنی .قەت بە پارچەیەکی کوردستان یا کورستانی عێراق ناوی نابات. کەچی لەوەتەی هەیە ئەو سنوورە دەستکردە دەبەزێنێت و بێرێزی بە{سیادەی عێراق}دەکات. هەموو رۆژ لە راگەیاندنی خۆی بۆ {وحده العراق} و یەکپارچەیی عێراق دەگرێت و شین و هاواریەتی.تورکیا با بێت خۆی ساغ بکاتەوە ئەگەر دەزانێت ئەو ناوچەیە [شیمالی عێراقە]وە سەر بە حکومەتی ناوەندی بەغدایە، با ریز لەو بەند و یاسایانە بگرێت، کە نابێت لەشکری وڵاتێک، بچیتە ناو خاکی وڵاتێکی تر بەبێ رەزامەندی وڵاتەکە.حکومەتی بەغداش کە دەزانی ئەو پارچەیە بەشێکی خاکەکەیەتی دەبێ بەرنگاری ئەو لەشکرە ببێتەوە و دژی بوەستێ و دەبێ داواش لە وڵاتانی عارەبی بکات دژی ئەو هەڕەشەولەشکرە بوەستێت و بە داگیرکەری خاکی پیرۆزی عارەبی لەقەڵەم بدات. ئایا کەس بینیوویە یا خوێندویەتیەوە کە لەشکری تورکیا بچیتە ناو ئەرمەنیستان و راوی ئەرمەنییەکان بکات کە بۆچی لەدژی تورکیان و بە قاتیل ناویان دەبەن.هیچ جار تورکیا چووە بیقاعی سوریا/لوبنان و لوبنان بۆمباباران بکات.ئەو کاتە پێشمەرگەکانی پ.ک.ک لەوێ بە ئاسوودەیی دەژیان.حکومەتە خوێرییەکەی سەدام حوسێن ،لە هەشتاکانەوە گرێ بەستێکی لەگەڵ لەشکری تورکیا بەستابوو کە رێگای بە لەشکری تورکیا دەدات بێتە ناو خاکی [پیرۆزی]عێراق و پێشمەرگەی کوردستانی تورکیا

و عێراق ڕاوبنێت. ئەو گرێ بەستەی سەدام حوسێنی[سەرکردەی ناشێۆنالیستی عارەبی] سیادەی خاکی عێراقی خستبووە ژێر پۆستاڵەکانی لەشکری تورکیا.هەر چۆن سیادەی ئاوی کەنداوی عارەبی و دورگەکانی خستە ژێر قاچی شای ئێرانی مردوو و پەیمانی جەزائیری پێمۆرکرد . لەشکری تورکیا دەبێ ریز لە سیادەی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوەش بگرێت و نابێت بە کەیفی خۆی ئەو سنوورە دەستکردە ببەزێنێت کە سەر بە عێراقی سەرتاسەری یە.ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردیش لە کوردستانی عێراقدا یا هەرپارچەیەکی کوردستان بە خۆشی وناخۆشی تورکیا نی یە ، بەڵکو بە رەزامەندی خەڵکی کوردستانە.

پێنجەم...سیاسەت هونەرە و دەبێ لێی بزانیت ...سیاسەت ئەگەر فەنی مومکین بێت و بچیتە بەشی زانیاری دەبێ بزانی و بزانرێت لە کاتوساتی خۆیدا چۆن بەکار دەهێنرێت . سیاسەتکردن بە عاتیفە و سۆز ناکرێت . هەرکێ بێت و قسە لەسەر دەوڵەتی دراوسێ بکات و خۆی گیڤ بکاتەوە و داوا لە میللەت بکات بە دوای بکەون . ئەو کەسانەی سیاسەت دەکەن وەکو ژەنەڕالی عەسکەری بیرناکەنەوە . ژەنەڕاڵەکانی تورکیا خۆیان گیڤ دەکەنەوە ، لەبەر ئەوەی لەشکری هەیە و خاوەن بڕیارە. کورد یەک زمانی نی یە جا نەک یەک لەشکر . سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە شەڕی ناوخۆیی بۆگەن و تۆپیوو ، ئەو سەربازە تورکیانەی بە دیموکراتیانە هێنایە ناو هەرێم و لە لای دیگەڵە کردی یە دادوەر و چاودێر بۆ ئەوەی حوکم بکات . مێژووەکە دوور و درێژی پێدا تێپەڕ نەبووە و خەڵکی لەبیریان نەچۆتەوە . بە هەزاران ملیون دۆلار پێشکەش بە شەریکاتی تورکیا کراوە و ڕێگاوبانی ناو هەولێر و سلێمانی و دهۆک تورک دروستی کردوون و دەیکات.ئیبراهیمخەلیل جەرگەی هاتووچۆی بازرگانی تورکیاو هەرێم بوو ، بە هەزاران لۆری نەوتیان باردەکرد و [کاش] گومرگی خۆیان دەدا بە ئیدارەی حکومەتی هەرێم .ئەو سنوورە دەستکردانە کەوتۆتە ناو جەرگی ئەو حکومەتە شۆڤێنیانە ، بۆیە دەبێت سیاست کردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لە ئاستی دیبلوماسی و بەرژەوەندی هەردوولایی بێت، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان هەناسە بدات . بە خۆ گرژ کردنەوە و دروشمی بریقەدار سیاسەت بەڕێوە ناچێت .

شەشەم...ئیرهاب..تێرۆر..ئیرهاب و ئاخ بۆ تێرۆڕ... شەرمە بۆ حکومەتێک ئەگەر نەتوانێت پەرلەمانی خۆی لە خۆکوژ و تێرۆریست و مینچینراو نەپارێزێت. ئەو حکومەتە دەبێ چەند هیچوپووچ بێت کە پارێزگاری لە گیانی نوێنەرانی خەڵک نەکات. کامە وڵات کافێتیریای پەرلەمانی تەقیوەتەوە و ئیرهابی یا تێرۆریست گەیشتۆتە ناو پەرلەمانی.زۆربەی دانیشتنەکانی ئەو ئەنجومەنە دژی ئیرهاب و تێرۆریستان گفتوگۆ دەکات. بۆ لەشکری داگیرکەری ئەمریکاش شەرمەزاری یە، چونکە ئەوانن ناوچەی کەسک [سەوز] دەپارێزن و یەکە یەکەش ئەندامانی

ئەنجومەن و وەزیران دەپشکنن ، بەبێ ئەوەی ریز لە خودی هەڵگری ناسنامەکە بگیرێت ، ئەی گەلۆ ئەو خۆکوژە لەناو مێروستان[مێرووله] خۆی حەشار دابوو ، یا لەناو با[هەوا] خۆی شاردبۆ وە و لەو پشکێنەرانە رزگاری بووە. دیسان گەلۆ بە گومانەوە دەپرسم ، دەبی لیپرسراوی پشکینەرەکان رەشوەی لە{ القاعده } وەرگرتبێ و رێگای دابێت ئەو ئیرهابیە هەموو سەیتەرەکان ببەزێنی و بچیتە ناو پەرلەمان. ئەو مرۆڤکوژە لە تەکنەلۆژیاش زیرەکتر دەرچوو و وێرای بەناو ئەو هەموو دەسگایانە بچیتە ژوورەوەی پەرلەمان .جارەکیان کابرایەکی تیرۆریست لەژێر کەوشەکانی مادەی تەقینەوەی شاردبۆوە کەچی  ئاشکرابوو ،ئەی دەبێ ئەو ئیرهابیە ئەو قایشەمینچینراوەی لەکوی شاردبێتە ، گەلۆ رەنگە لەناو سگی.  ئەو ڕوداوە لە ناوچەی سەوز[کەسک]کە بۆ هەموو کەس نی یە بە ئازادی بگاتە ناوی زەنگێکە بۆ حکومەتی مامجەلال و مالکی و پێیان دەڵێت ئیرهاب دێتە ناوماڵتان و دەتوانێ خۆی لە توالێتەکانتان حەشار بدات. ئاسایشی ئەندامانی پەرلەمان پارێزراونەبێت ئەی ئاسایشی خەڵکی سیڤیل چۆن دەپارێزن . بۆ شەرمەزاری و نەبوونی چاودێری دەبێ حکومەت دەست لەکار بکێشیتەوە و وەزیری ناوخۆ و ئەوانەی بەناو ئاسایشی عێراقیان لەبن دەستە دەست لەکار بکێشنەوە  ئەگەرنا رۆژەکی تر لە شوێنێکی تر ئەو کارەساتە دەبارە دەبێتەوە.ئەو ئەمریکایە زەبەلاعە بە چی دیارە پارێزگاری لە سیادەی پەرلەمان و حکومەت و کاربەدەستان دەکات و بەچ تەکنەلۆژاییەک پشکنینی ئەندامانی پەرلەمان دەکات لە و کاتەی دەچنە ناو هۆڵی پەڕلەمان. ئەو تێڕۆڕیستە دەبێ لە نەوەی جن نەبێت و خۆی لە گیرفانی ئەندامانی پەرلەمان نەشاردبێتەوە.

**حەفتەم**...**ئێوەی کاڵفام بۆ دژی کۆمۆنیستن**...ئەوانەی هەناویان بۆگەن بووە و هەردەم دژی کۆمۆنیستن ،ناتوانن جیاوازی لە نێوان کۆمۆنیستی کاڵ و کۆمۆنیستی تەواو کۆمۆنیست بکەن . ئەوانە جیاوازی نیوان پارتی و یەکێتی وەکو دووزلحیزب ناکەن و هەردوو بنەماڵە لەیەک تای تەرازوو دادەنێن ، ئەگەر بڵێن نەخێر جیاوازی یان هەیە، ئەوا لێرەش دەبێ هەناوی خۆیان پاک بکەنەوە و جیاوازی لە نێوان تازە کۆمونیستەکانی کوردستان یان کوردەکۆمونیستەکان و ئەو حیزبە شیوعییەی لەساڵی 1934 لە عێراق دامەزراوە و لەسالانی چلەکانیش لقی لە کوردستاندا هەبووە بکەن . ئەگەرنا کابرا بۆ شۆڕشی لەسەرخۆی تاپۆکردووە و دەڵێ شیوعیەکان پەنایان بۆ کوردستان بردووە. بۆ کوردستان موڵکی باوکی تۆیە و شیوعیەکانی کوردستان لە مەریخ هاتوونەتە خوارێ . هەی یاغنیش عەزیز محەمەد کە لە بێرکۆت لەدایک بووە و سکرتیری ئەو حیزبە بووە وادەزانی بیرکوت گەڕەکێکی مۆسکۆیە ، بڕۆ دەموزمانی خۆت پاکبکەوە ئەگەرنا وەکو ئیبراهیم ئەحمەدی خەزووری مامجەلال و جاشەکەی 66 ت لێدێت کە هاواری دەکرد

کوردستانی من جێگای شیوعیەکانی تێدا نابێتەوە. برۆ هەناوت پاکبکەوە ئەگەرنا ئەوانەی خۆیان بە پاسۆک دادەنا و لە کوردستان بیری ناسیونالیستیان بلاودەکردەوە و جەنابیشت بە شانازی یەوە خۆت ناونووس کردووە بەوەی هەڵگری بیری ناسیونالیستی بە شانازی یەوە لەیەک بەرە دا دەجەنگان و کاریان دەکرد لەگەڕ ئەو شیوعیانەی کە جەنابت بەرەوایان دانانێیت لە کوردستان بژین و پاریزگاری لەبەرد و کانیاوی بکەن . هەی بێویژدان دیارە نەخویندەواری و جیاوازی ناکەیت لەو کۆمونیستەکالآنەی کە دوای راپەرین دروست بوون و ئەو کۆمۆنیستە راستەقینانەی بەر لە راپەرینیش هەر لە تیکوشان دابوون دژی رژیمەکان و جەنابیشت سەرت شۆردەکرد بۆ ئەو بریارانەی رژێمی بەعس دەیچەسپاند بەسەر تۆ و نموونەی وەک تۆ. ئەو کاتە لەکوێ خۆت مۆندەکردەوە کە شیوعیەکان راودەنران و لەدژی رژیم تێکۆشانیان دەکرد. هەی یاغنیش شیوعی راستەقینە دژی شۆڕش نەبوون هەتا پیازی لەگەر دابەش بکەن بەڵکو دژی ئەو پەیوەندی و جاشایەتیەیی سەرکردەی چەکداران بوون کە لەگەر شای ئیران و ئەمریکا هەیان بوو بۆ ناچی ووتارەکانی د.محمود و سامی عەبدولرەحمان و جەماعەتی یەکیتی نیشتمانی و قاسملۆ بخوینیەوە چۆن باسی شۆڕشیان دەکرد و هەندیکیان پەیوەندیان بۆ ئیسرائیلیش گواستەوە هەی ناسیونالیست خۆ شیوعی نابیت لەباوەشی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوشای کۆنەپەرست وەکو جەنابت ئەمسالی جەنابت لە خەوی خۆش دابێت. ئەی نازانی ئەو سەردەمە هەتا پاسۆک حەزی دەکرد بە سۆسیالیست بانگ بکرێت بۆیە لە کاژیک بووە پارتی سوسیالیستی کورد ، ئەتۆ ئەها نەزان و کاڵفامی کەچی بە شیوعیەکانی کوردستان دەوەڕی . برۆ جارێ پاشکۆی خۆت پاک بکەوە و بزانە لە 1975 هەتا 1978 ئەوانەی بەسەرشۆری چەکیان شکاند و چەکیان پێشکەشی لەشکری بەعس کرد و یەکیتی قوتابیان بۆ بەعس دروست کرد و چەند بیقیمەت لەژێر سێبەری بەعس حەسانەوە و شیوعیەکانیش لە مجلس تەشریعی و تەنفیزی چۆن پارێزگاریان لەمافی کورد دەکرد . هەی نەزان ئەی دەزانی نوێنەری شیوعیەکان لەو مەجلیسانە دەردەکران لەبەر ئەوەی دژی تەعریب و تەبعیس و راگواستنەوە قسەیان دەکرد و جەنابیشت یان ئەوانەی وەکو تۆ بیردەکەنەوە لە ئاخوری رژێم دەلەوەڕان . هەی کاڵفام چۆن نازانی هیچ رۆژێک لە رۆژەکانی ژیانی کوردستان شیوعیەکانی راستەقینە هیچ ئیهانە و بێکەمیان بە رەوشت و ئایینی ئیسلام لە کوردستان نەکردووە و باسی کۆش کردنەوەی ژنی کورد و ئافرەتیان نەکردووە وەکو ئەو کۆمونیستەکالآنەی کە ئیهانەی هەموو شتێک دەکەن بۆ لەیەکتر گرێیان دەدەیت. ئەو کوردستانەی جەنابت ئەگەر شاری هەڵمەت و قوربانی بگرێتەوە دە سەیری دواوەی خۆت بکە بزانە چەند تێکۆشەری شیوعی ئەو شارە لە پێشەوەی تێکۆشان دابوون لەپێناوی ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی میللەت. هەی بێئاگا دەزانت [ابو فاروق[ عومەر عەلی شێخ لە بەغدا و هەولێر پیلانی راپەڕینی

لەتێکۆشانی ژێرزەووی رێک دەخست و تۆش لە ئەوروپا لەبەردەم رانی کچان خۆت بێهۆش دەکرد.ئەو ژیانی خستبووە سەردەستی ئەو میللەتە و جەنابیشت گاڵتەت بە تێکۆشانی میللەت دەکرد.هەی خاوەن شەهادەی هیچوپووچ دەزانی [بەهادین نوری[ کە لەزیندان ئازاد کرا هەموو سلێمانی بۆی هاتنە سەرپێ ، ئەی بۆ هەنووکە بۆ جەنابت کە خۆت بەخاوەنی تاپۆی کوردستان دەزانی بۆت نایەنە سەر رێگا و لە فرۆکەخانە پێشوازیت لێبکەن. برۆ بۆخۆت لەبن باڵی ئەو تێکۆشەرانە بشارەوە هەتا کە مردی گەزێک خاکت بەربکەویت تێدا بتشارنەوە. جنێو بە شیوعییەکان مەدە چونکە هەرنا لە کەسانێکی بێویژدان پاک ترن و لەلایەن خەڵکیش حیسابیان بۆ دەکرێت .خاوەنی شەهیدانی وەکو فەهد و سارم و حازم و سەلام عادیل و جەمال حەیدەری و عائیدە یاسین و هەزاران و هەزارانی ترن . ئەوەی سمێڵی سوور بوو هەمزائاغا نی یە ، بۆیە نابێت ئەوەی گووتی کۆمۆنیستم باوەڕی پێبکەیت ئەی ناشونالیستی کورد و ئەی خاوەنی کوردستانی سەربەخۆی خۆت کە سنوورەکەی هەر ماڵەکەی خۆتە و چاوت تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرانە نابینێت . زۆر گوناحە ئەو هەموو تێکۆشەر و شەهیدانە بخەیە تەرازوو و مێژووی 73 ساڵەی حیزبێک بۆگەن بکەیت .

هەشتەم...لە خاچ درا...کاتۆلیەکان وەکو شیعەکانی ئیسلام ئاهەنگی خۆیان هەیە لە رۆژی ئایینی دا. شیعە بۆ ئیمامی حوسێن و عاشورا بە زنجیر و بە شەق و زللە لە خۆی دەدات . کاتۆلیەکان ئەگەر غیرەتیان هەبێت خۆیان لە خاچ دەدەن . هەینی درێژ کە 6ئاپریل بوو گروپەکی کاتۆلیکی باوەڕ توند خۆیان لە خاچ دا. بیست ساڵ لەمەوبەر [رۆبان ئانجایی] تەمەنی 46 ساڵە ئێستاکە، لە خانوەکی سێ نهۆمی کەوتە خوارەوە و هیچی لێنەهات. لەوکاتەوە هەتا ئەمرۆ هەموو ساڵێک لە رۆژی [هەینی درێژ] خۆی لە خاچ دەدات. دەڵێ لە خوا پاڕایمەوە کە قوەت و تاقەتم بداتێ لەو خۆ لە خاچ دانە سەرکەوتنم بکات .دیارە خواش دوعایەکەی قەبووڵ کردووە و رزگاری کرد.

فەهد گردەوانی2007/4/24ستۆکهۆلم